# چاویلکەی سمارتی پایسکل سواری


پایسکل ئامێرێکی سادە، بێ دینەمۆ بێ هیچ سیستەمی نیشاندانی خێراییە.. بۆیە بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بیریان لەوەی کردۆتەوە، بەکارهێنەر پایسکل چۆن بزانێت لە چ خێراییەکدا دەڕوات و چەند کیلۆمەتر رۆیشتووە، بەکارهێنەر چەندی کالۆری سووتاندووە! رەنگە باشترین ئامێر چاویلکەی سمارت بێت، کە هەم لە چاویدایە و زەینی بۆ ئەملاو ئەولا ناڕوات، هەم زانیارییەکانی پێویست بە بەکارهێنەرەکەی دەڵێت، چاویلکەی سمارتی جۆری SOLOS یەکێکە لەم چاویلکانەی تایبەت بە پایسکل سواری..

جگە لە زانیارییەکانی تایبەت بە پایسکل لێخوڕین، موسیقی بڵاودەکاتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی دیکە دادەمەزرێنێ، نەك بۆ پایسکل لێخوڕین بەڵکو بۆ رۆیشتن و راکردنی بە پیادەش دەبێت.. چاویلکەکە زانیارییەکانی وەك، مەودای رۆیشتوو، خێرایی، رێژەی هەنگاوەکان و لێدانی دڵ نمایش دەکات. سیستەمی ئەندرۆیدی ڤێر2ی لەسەرە.






## دەستبەندێک بۆ تەندروستی



زۆربەی کاتژمێرە هۆشمەندەکان توانای جۆراوجۆریان بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی بەشێك لە زانیارییە گرنگەکانی جەستە هەیە، وەك لێدانی دڵ، مەودای رۆیشتوو، کالووری سووتێندراو....تاد. بەڵام زانیارییە گرنگەکانی جەستە هەر ئەوەندە نین، بەکارهێنەر حەزدەکات زیاتر لەوانەش بزانێت..

دەستبەندی جۆری aura band رێك بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە، بەهۆی چەندین هەستەوەر کە لە دەستبەندەکە دایە دەکرێت رێژەی چەوری، ئاوی جەستە دەستنیشان بکرێت. دابینکردنی ئاوی لەدەست رۆیشتووی جەستە بەتایبەت بۆ وەرزشوان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەهۆیەوە دەزانێت رێژەی ئاوی لەدەست رۆیشتوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ بزاندرێت. خاڵێکی سەرنج راکێش کە لەو دەستبەندەدا هەیە بەکارهێنەر بە قەد چالاکی بەسوودی وەرزشی رۆژانەی دەتوانێت پارەی مەجازی بەناوی (aura coin) وەربگرێت و لەو پارەیە بۆ کڕینی دیاری یا کڕینی ئامێری دیکەی کۆمپانیا سوود وەربگرێت.





# بچووکترین ئامێری زانینی کەشوهەوا

دیاریکردنی کەشوهەوا کە خۆی راستەوخۆ دیاری بکات، پێویستی بە ئامێری گەورە هەیە، هەرچەندە ئامێری بچوکی تایبەت بەماڵەوەش بەرهەم هاتوون، بەڵام هیچکام بچووکیان ناگاتە ئامێری (PiCO) کە لەلایەن کۆمپانیایەکی کۆریایی بەرهەم هاتووە. ئامێرەکە لە رێگەی کێبڵەوە لەگەڵ موبایل پەیوەند دەدرێت و زانیاری راستەوخۆ پەیوەندار بە کەش و هەوای دەوروبەر لە ئاپێکی تایبەتدا دەداتە بەکارهێنەر.

ئامێرەکە لە شوێنە داخراو و کراوەکان سوودی لێوەردەگیرێت و دەتوانێت زانیای وەك رێژەی «دی ئوکسیدی کاربۆن، تۆز و خۆڵ، رێژەی شێی دەوروبەر»نیشان بدات.

لەوانەی ئاماژەمان پێدان گرنگتر ئەوەیە، زانیاری لە سەرچاوەی دیکەش وەردەگرێت و پێشبینی کەش وهەوای لە ئینتەرنێتیش وەردەگرێت، دواتر زانیارییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو زانیارییانەی وەریدەگرێت تێکەڵ بەیەك دەکات.

کێشی ئامێرەکە تەنیا ٤٢ گرامە.. وردبینیەکی زۆری هەیە لە دیاریکردنی چۆنییەتی کەش هەوا..

# ئاوێنەیەکی هۆشمەند بۆ ئارایش کردن

کاتێك ئاوێنە بوو بە هۆشمەند و دیجیتالی ئیدی پێموایە هیچ شتێکی دیکە نامێنێتەوە، ئاوێنە سمارتەکان بەینێکە لە جیهانی دیجیتالیدا دەبیندرێن، ئاوێنەی هۆشمەندی morrror یەکێکە لەم ئاوێنە سمارتانە، وەك باشترین ئاوێنەی سمارت ناسراوە و تایبەتە بە ئارایش و ئارایشگەری. ڤیدیۆکانی تایبەت بە ئارایش کردن و چاودێری پۆست لە خودی ئاوێنەکەدا دەبیندرێن. شاشەی ئاوێنەکە کوالیتی و روونی باشی هەیە. کاتێك سەرلەبەیانی سەیری خۆت دەکەی، ئاوێنەکە رێنوێنیت دەکات چۆن ئارایشەکەت بکەی و لەم کاتەدا پێویستت بە چ ئارایشێکە. بەر لەوەی روخسارت ئارایش بکەی، وێنەی ئارایش کراوی خۆت لە ئاوێنەکەدا دەبینی.. گەرچی ئاوێنەکە لەمسییە، بەڵام کاتی دەست لێدان هیچ پەڵەیەك بەسەر ئاوێنەکە نابێت.. نیشاندانی کات و چۆنییەتی ئاو و هەوا بەردەوام لە ئاوێنەکەدا دەبیندرێن.



# کۆداکۆپتەرێک دەتکاتە فڕۆکەوان!

کۆداکۆپتەرەکان، واتە ئەو ئامێرە بچووکانەی کە زیاتر وەك کۆپتەر دەچن تاکو فڕۆکە و پەرەی سەندووە و بڕیار وایە لە ساڵانی داهاتوودا، وەك چۆن پێشبڕکێی ئۆتۆمبیل و ماتۆر و پایسکل ئەنجام دەدرێت، پێشبڕکێی لەنێوان کۆداکۆپتەرەکانیش دا ئەنجام بدرێت..

لە پێشانگای ساڵانەی CES2018 کۆداکۆپتەری جۆری Uvify خرایەڕوو، کۆداکۆپتەرێك کە بە خێرایی ٩٦ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا دەفڕێت.

کۆداکۆپتەری ناوبراو شەحن دەکرێتەوە، کۆنترۆڵێکی لەگەڵدایە و شاشەی هەیە لەسەر شاشەکە دەتوانی جوڵەی کۆداکۆپتەرەکە ببینی، کامێرایەك لە پێشەوەی هەیە و وێنەکان راستەوخۆ بۆ سەر شاشەی ریمۆت کۆنترۆڵەکە دەگوازێتەوە. جگە لەوەش دەتوانێت وێنەکان بۆ دووربینی سمارتی چاو بگوازێتەوە، ئەوکات بەکارهێنەر دروست وەك فڕۆکەوان دەچێت کە لەناو فڕۆکەیەك دانیشتووە و فڕۆکە لێدەخوڕێ، تەنانەت هەست بە بەرزی و نزمی و هاتنەوە خوارەوەش دەکات، گرفتی سەرەکی کۆداکۆپتەرەکە باترییەکەیەتی کە لە ماوەیەکی کەمدا شەحنی دادەبەزێت..

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستن و هەڵگرتنی فایلەکان

بەکارهێنەری کۆمپیوتەر یەکێك لە دڵەراوکێیەکانی ئەوەیە، ئەگەر کۆمپیوتەرەکەی شتێکی لێهات، فایلەکانی ناوەوەی چیان لێدێ، زۆر جارانیش بەتەواوی دەسڕێنەوە و هیچی لەسەر نامێنێ. ئێستا پرۆگرام گەلێکی زۆر هەیە کە راستەوخۆ پشیتوانی لە داتاکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت بە شێوەی ئۆنلاین دەکات و ئەگەر کۆمپیوتەر تێکشچوو، زیانێك بە فایلەکان ناگات و دەتوانی لە ئەکاونتی خۆت وەریان بگریەوە..

یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Goodsyncە کە تەنیا بۆ چاودێری تەواو بەسەر زانیارییە تایبەتییەکان، وەك ئیمێل، وێنە، لینکەکان و بەشێوەی گشتی هەموو زانیارییەکانی بەکارهێنەر بەرهەم هاتووە.



پرۆگرامەکە لەسەر هەموو جۆرە سیستەمێك دادەبەزێت.

پرۆگرامەکە لەگەڵ هەموو سێرڤێرە ئۆنلاینەکان، پەیوەند دەدرێت، نە تەنیا ئەوە بەڵکو سیستەمی ویندۆزی کۆمپیوتەر و مۆبایل پێکەوە پەیوەند دەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تەلەگرامدا چۆن بکەم لە کۆڵ ڕێکلام و ئەو کەناڵانە بمەوە کە بێ ویستی من ئادم دەکەن؟**

خوێنەری بەڕێز بچۆ سەر بەشی settings و لەبەشی Privacy and Security دا دەبێ فەرمانی groups هەڵبژێری، لەو بەشەدا دەتوانی هەموو کەس یان هەر ئەوانەی هاوڕێتن ئیزنیان پێبدەی بە کەناڵەکانتەوە زیاد بکەن یان ڕێکلامت بۆ بەڕێ بکەن. گەر بتهەوێ هەموو ئیزنی هەبێ دەبێ فەرمانی Everybody هەڵبژیری، ئەگەر بتهەوێ تەنیا دۆستەکانت دەبێ فەرمانی My Contacts هەڵبژێری، بە هەڵبژاردنی ئەو فەرمانە جگە لە هاوڕێکانت کەس مافی ئەوەی نییە هیچ شتێکت بۆ بنێرێ...



# بە پەنجەکانت وەڵامی پەیوەندییەکان بدەوە

ڕەنگە ئەوە لە ڕیزی ئامێرە سیحرییەکان بێتە ژمار، کەسێك تەنیا بێ هیچ ئامێرێك تەنیا بە پەنجەی خۆی وەڵامی پەیوەندی بداتەوە، واتە ئەنگوستەکانت بکەی بە بڵندگۆیی موبایل و بیانکەی بەمایکی قسەکردن..

کۆمپانیایەکی کۆریایی دەستبەندێکی بەرهەم هێناوە بەناوی Sgnl کە هەرکاتێك لە دەدەستت کرد، پەنجەکانت دەبن بە مایك و سپیکەری موبایل.. جگەلەوەش دەکرێت وەك کاتژمێرێکی سمارت سوودی لێوەربگیرێت. کاتێك ئەو دەستبەندە لە دەست دەکەی، بەهۆی موبایلەوە لەرینەوەیەك لە پەنجەکاندا دروست دەبێ کە هەرکاتێك بە گوێی وەدەنێن، دەنگی پەیوەندییەکە بەباشی دەبیسترێ.







## ماڵپەڕێک بۆ زیپ کردنی ئۆنلاین

زیپ zip کردن واتە دەباڵێك پەستاوتن، دەپاڵ یەك ئاخنین، جار هەیە نەك لە دونیای مەجازیدا لە دونیای حەقیقیشدا بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانت شوێنێکی زۆر نەگرن، لەناو باولی یان جانتاکەیان دەخەی... لە دونیا مەجازیدا بۆ ئەوەی فایلێکی قورس بچوك بکەیەوە، یان چەند فایلێك لەیەك فایلدا کۆبکەیەوە، دەبێ بە پرۆگرامی زیپکردن زیپی بکەی.. ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت هیچ پرۆگرامێکی تایبەت بە زیپ کردنی لەسەر نەبوو دەتوانی بەشێوەی ئۆنلاین سوود لە پرۆگرامی File2Zip وەربگرە، سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە زۆر ئاسانە، تەنیا فایلی مەبەستت رابێکێشە بۆ ناو سایتەکە و شوێنی مەبەست بە ئاسانی دەبێتە زیپ، یان ئانزیپ...

## کاتژمێرێک داتاشۆی هەیە

کاتژمێرە سمارتەکان هەروا پەردەسێنن و بە تواناکانیانەوە زیاد دەبێت، یەکێك لە کاتژمێرە هۆشمەندەکان کە لەلایەن کۆمپانیای ACE Haierەوە بەرهەم هاتووە، کاتژمێرەکە کە پرۆژکتەر واتە داتاشۆی خۆی هەیە. زانیارییەکانی سەر شاشەکە بەهۆی داتاشۆکەوە لەسەر پەنجەی بەکارهێنەر دەبیندرێن. کاتێك بەکارهێنەر خەریکی راکردنە، لەسەر پشتی دەستی بەکارهێنەر زانیارییەکانی تایبەت بە راکردن وەك، مەودا، کات و خێرایی رۆیشتن نیشان دەدات، لەسەر شاشەکەش دەتوانی کۆنترۆڵی وەستان و پرۆگرامی داهاتووت بکەی. دەکرێت لە ڕێگای پشتی دەستیشەوە کۆنترۆڵی بکەی دووجار لە پشتی دەستت بدە شاشەکە دەگۆڕدرێت..